# ئەوەڵین دیکتاتۆر



## شەهید کەوڵۆسی

من گرفتاری هاتنی ئێوارەیەکم
دۆستەکان بەزنجیرەوەخۆیان بۆڕاوکردنی شوشەی شەرابەکان نەنابێتەوە،
هاتنی ئێوارەیەک
دۆستەکان دەترسن تاریکی ڕوتیان کاتەوە.
ئێوارەیەک جوتیارێک پێلاوەکانی دەنێتە ژوورسەری
ڕاوچی تفەنگوخوێنی کۆترەکانی سبەینێ لەگیرفانیاهەڵدەگرێت
باخەوان بۆنی گوڵەشەرمنەکانی سەحەرێ لەجۆگەیەکاسەنگاوبەردەنێت
ئاخرئێوارەدێت .!
من گرفتاری هاتنی ئێوارەیەکم ئەوکاتەی .دەنگ. ڕەنگ. ووجوودم .زیندانە
شەودێت شتێک لەدڵی مندا ئەیاتەبەرڕۆشنای دڵی ئەستێرەیەیکوودەزانێت (قاتڵم)
شەودێت گلێنەی عاشقێک ئەمدیودیودەکات ودەزانم (زیندانە).
شەوگیرفانی عاریفەکان هەڵەتەکێنێت
هێمن پیاسەدەکات هێمن خوێنی ڕژاوی سەربەردەکان تام دەکات
تەقریردەنوسێت شەو!
دەنگی پێی شەوخەونی منداڵان دەزڕێنێت
بریسکەی چاوی شەوژنەدووگیانەکان دەترسێنێت
لەبەرتەپەتەپی دڵی ناگەهانی شەودەرویش
خۆی دەهاوێتەناوحەڵقەرێزی دەفەکەیەوەودەنوێت
لەبەرزرمەزرمی پێی شەو
حەکیم پەنابۆکیتابەسەماویەکان دەباولەناوئەفسانەکانامەست دەبێت
شەوهێمن پیاسەدەکات

وەک ژنێکی مەحرەم دێتەناوخەونەکانمانەوە
دێتەنێوتۆنی مۆسیقاودێتەسەرسەرینەکانمان و
تێکەڵی ماچێک دەبێت .
شەوهێمن پیاسەدەکات
لەسەرخۆدوونیاداگیردەکات
بەچرپەیەکی غافڵ گیرەوەپێمان دەڵێت
ئەگەردەست وپەنجەت لەدەست وپەنجەی من ڕەنگین ترە
وەرەلەسەربردنەوەی ھێنییەکان بەشەڕبێین
بالەسەرئەم ساراتوولانییەی عومری من
زۆرانێک بۆبردنەوەی جوانییەشاراوەکان بگرین.
شەوهەمووشەوێک خراپ داگیرمان دەکات
ناخۆش دەست دەنێتە بینمان وئیعتیرافمان پێدەکات
لەسەر شکست..... (                    )
پاش خواحافیزی وەک سەرخۆشێکی شەڕفرۆش پێمان دەڵێت
خۆت ئامادەکەسبەینێ داگیرت دەکەم
سبەینێ دێمەوە...........
هەمووخەلیقەت بەخوێنی سەردڵم ڕەنگ دەکەم
سبەینێ دێمەوە........
لەهەرکوێ بیت من لەوێم
ئەگەرخوێنی تۆ لەخوێنی من تۆخترە
وەرەلەسەربردنەوەی عەرشی خوا بەشەڕبێین
بالەسەرئەبەدیەت بکەوینەجەنگەوە
وەرەلەسەرئەرشیفی ھێنییەکانی خەلیقەت بەشەڕبێین...!!

بەهاری
2004